www.kurdistannet.org
17-9-02 00:42:08

# (ڕێبەر مەڕۆ)

**"بەیادی شەهیدی نەمر و تێکۆشەری ڕێگای ئازادی کوردستان،**
**دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی پێشکەشە"**

**ئاکۆ ئەلیاسی**

*نا..نا مەڕۆ!*
*نا..نامەڕۆ!*
*ڕێبەر مەڕۆ!*
*هاوڕێ مەڕۆ!*
*پێشەنگ مەڕۆ!*
*با دەفتەری بیرەوەری و*
*پێنووسەکەم دەر بهێنم*
*تا ڕێنوێنی و وتەکانت،*
*تا بەڵێن و گفتەکانت*
*لە سەر سینگی*
*ئەم مێژووە خوێناوی یە*
*تۆمار کەم و*
*وەک پەیکەری خوای بەخشندە*
*بنەخشێنم!*
*تا وەک وانە*
*لە قوتابخانەی پێشمەرگەدا*
*بیڵێینەوە*
*یان وەک تیشک و شەوقی چرا*
*گرێ کوێرەی ڕێگای سەختی*
*ئەم هەورازە*
*بە هەیبەتەی*
*پێ بکەینەوە*
*نا..نا مەڕۆ*
*مەڕۆ..مەڕۆ*
*ڕێبەر مەڕۆ*
*هێشتا زووە*
*لە بۆ دنیا پڕ لە حەز و*
*خەندەکەی تۆ!*
*ئەی هاوڕێ گیان!*

www.kurdistannet.org

من دەزانم زۆر بەپەلەی
کە زوو بڕۆی
تابە شەهادەتی خوێنت
پێناسنامەی)بوونی گەلێک (
بسەلمێنی
تا بە دەبگی:
"ئای کەوتم"ی
نێو سەنگەری
دوورە وڵات،
دڵی دوژمن بتۆقێنی
تا چوارچێوەی ئەم سنوورە
تەنگەبەرە
تێک بشکێنی
هەتا لۆکەی کونی گوێچکەی
ئاشتی خوازانی گشت جیهان
فڕێ دەی و پێیان بڵێی:
منیش گەلم
ئاشقی تیشکی
ئاسۆی کەلم
منیش حەزم لە بەهار و
شیلەی ژیانە،
نەک لە کۆت و کوشت و بڕی
گۆشەی تاری
بەندیخانە
کاک" سەعید گیان"!
تۆش ڕۆیشتی
تا لە "ڤیەنا"
پێتەختی خوێن
تا لە شاری خوای جینایەت
شاری ڕەشەکوژی و تاوان
مەشخەڵەکەی " قاسملوو"ی کورد
باوک و ڕێبەر،
تاجە گوڵینەی تەوقی سەر
بە دوو دەستان

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
17-9-02 00:42:08

*بەریتە لای تاقی ئاسمان*

*تۆش ڕۆیشتی*

*تا لە "بێرلین"*

*نەک کوردستان،*

*هەموو ئێران*

*لە داگیرکەر*

*لە ئاخوندی کەللە ویشکی*

*تینوو بە خوێن*

*ڕاپەڕێنی*

*تاکوو مافی ڕەش و ڕووتی،*

*وڵاتێکی بەهار سووتاو*

*وڵاتێکی بەبەند کێشراو*

*وەدی بێنی*

*بەڵام دیسان دەستی خەفەت*

*دای لە ئەژنۆ*

*دیسانەوە ڕەش هەڵگەڕا*

*چاوی ئاسۆ!*

*دیسان دەستی غەدری پیلان*

*کوردستانی هەموو هەژان!*

*ئەم جارەشیان*

*دوور لە سنوور*

*"بێرلین" بوو بەجێی کۆچی سوور!*

*نا..نا مەڕۆ!*

*هاوڕێ مەڕۆ!*

*دواسەرنجی نیگای چاوت*

*ببڕە ئاسۆ*

*ئەی پێشەنگی*

*سەر قافڵەی کاروانەکەی*

*شەهیدانی ئەم جارەمان*

*من دەزانم*

*تۆ کۆچ دەکەی*

*کۆچی سوورت بەپەلەیە*

*هەتا پەڵەی وەرزی سووری*

*ئەم جارەشمان*

www.kurdistannet.org
17-9-02 00:42:08
بەریتەوە بۆ مەنارە سوورەکانی "پێرلاشێز" و
پێغەمبەری هەموو کوردان
تا قاسملووی گەورە و سەردار
دڵنیاکەی
بڵێی گەورەم:
هەتا چیا بەپێوە بێ
هەتا ڕووبار بە ڕێوە بێ
هەتا ئەوین گوڵی سووری لێ بپشکوێ
تا کوێستانە سەر سەوزەکان
جێی شمشاڵ و لاوژە بن
تا پێشمەرگە و چەک و برِوا
لە سەنگەردا، دەستە و ملان بن
تا ئەو کاتەی ڕووباری سوور
بووکی ئاشتی لە ئامێزی خۆی نەگرێ،
هەرگیز ڕەگی خوێن و خەبات
نایە لە بن
هاوڕێی پێشەنگ!
ئەی خەنجەری
هەڵکێشراوی
لە ڕووی نەهەنگ!
من دەزانم
کۆچی سوورت بە پەلەیە
دەڕاوەستە و گوێ ڕاگرە
بۆم وتەیە:
وتەی بەرزی پێشمەرگەیە
وتەی لاوی کوردی سەدەی
بەرخۆدانە
وتەی نەوەی هێشتا نەبووی،
بەرەی ژانە
وتەی پیاوی بەتەمەنی کۆنە ساڵە
وتەی کچی حەز کوژراوە
وتەی ژنی ماف خوراوە،
سوێند بە قوڵپەی خوێنی سووری
دەمی زامت

www.kurdistannet.org
17-9-02 00:42:08

سوێند بە ڕێگە و
گشت کەلامت
سوێند بە گیانە بەرز و لە خوێن تلاوەکەت
سوێند بێ بە مەزنیی ناوەکەت
سوێند بێ بە ئاگرە سوورەکەی
ئەمڕۆ و سبەیت
قەت لە خەبات هەدا نەدەین
بە دووتا بێین
بە هیچ جۆرێک
نەکشێینەوە
بە زریانی شێتی سەردەم
نەشکێینەوە
لە تێکۆشان بۆ وڵاتت
هەتا خۆر و بزە و خەندە
وەک گەردنبەند
نەکەینە مل کێلی گۆڕت،
وەک خەڵاتت
۱۷سێپتامبری ۱۹۹۲

www.kurdistannet.org